# مێژووی مۆسیقای کوردی له شاری سلێمانی

ئەنوەر قەرەداغی

گەربمانەوەیْ بەو ووردییەی تۆ باسی لێوە دەوکەیت باس لە مێژووی مۆسیقا بکەین لە شاری سلێمانی بەلاپەڕیەك یان چەندین لاپەڕە باس ناکریْ من لێرەدا لە چەند سوچێکەوە بە کورتی باسی لێوە دەکەم.
گەر چاوێك بخشێنین بە کتێبخانەی مۆسیقای کوردی( گەر هەبێت) لەگەڵ ژیانی ئەم کۆمەڵگایە لەم شارەدا(سلێمانی) لەماوەی نزیکەی کەپتر لە دووسەد ساڵ لەمەو بەر دەستی پێکردووە ,ئەوە زۆر شت هەن دەماو دەم هاتوون بیْ ئەوەی بخرێنە ئەرشیفێکی نوسراوو یان لە خوێندنگاکاندا خوێنرابێت وترابێتەوە ,لەگەڵئەمەشدا لە سەربابەتانەی کوردناسان ئەنجامیان داوە هەندیْ بۆ چوون هەن کەتەنها بۆچونن وەك(تۆمابوا)ی کوردناس دەڵێت(لەسەردەمانێکی کۆندا مۆسیقای کوردی کاریگەری هەبوە لەسەر مۆسیقای دراوسێکانی و لەسەردەمی ساسانیەکاندا ئاستێکی بەرزیان هەبوە لە مۆسیقادا و باس لە زەریابی کورد دەکات ,زۆر بۆچوونی تر هەیە سەبارەت بەوەی کورد خاوەنی ئاستێکی بەرز بوون لە مۆسیقادا .
مێژووی سلێمانی لەسەردەمی بابانەکانەوە دەست پیْ دەکات و ئەم شارە بۆتە جێگای کاروانچیانی نێوان سلێمانی و کەرکوك و سلێمانی و موسڵ وسلێمانی و تورکیا و سلێمانی و هەمدان و سنە و تەورێز تاران هەروەها سلێمانی و بەغدا ئەم بازرگانیە لە گەڵ ئەو شارو ناوچانەدا جگە لە رووی بازرگانی زۆر رووی تری ژیاندبووەوەك(رۆشنبیری هونەری و ئەدەبی و بوارەکانی تری کەلتوور),بەتایبەت لەرووی هونەری مۆسیقاوە کاردانەوەیەکی تەواوی ئەو کەسانە دیار بوون کە بردویانە بۆلای وولاتی خۆیان یان کە هێناویانەتە ئەم شارە بۆنموونە لە سنەوسابلاخ وسەقزو بانەو سەردەشت و بۆکانەوە ئەو ئاوازانەی باو یوون بەهۆی ئەو کاروانچیانەوە بە تایبەت بەستەکان هاتووەتە شاری سلێمانی و خەڵکانی ئەم شارە پیْی ئاشنا بوون لە بەغداو موسڵەوە هەندیْ مەقام کە ئەمڕۆ پیْی دەڵێین مەقامی عێراقی و لە وولاتی فارسەوە هەندێك لە مەقامە فارسیەکان و لە رۆژهەلاتی تورکیاوە لاوك ولە شاری هەولێرەوە حەیران لە گەرمیان و کەرکوکەوە هەنێك لە مەقامەکانە وەك(قەتار, خاوکەر, ئەلاوەیسی, خورشیدی, ئای ئای ,غەمەنگێز,هیجرانی و دەیانی تر,ئەمانە هەمووی

**خەڵکی سلێمانی ئاشنای بوون.زۆر لە شاعیرە گەورەکانی سەردەمانی زوو لە شیعرەکانیاندا باسیان لەو مەقامانە کردووە,وەك ,حیجاز, راست ,بەیات,سەبا , نیوەشەو,حەزین, ئیبراهیمی,تاهیری ,دەشت,سێگا,نەوا,چوارگا,قەزاز.....هتد هەروەها باسیان لە هەندێك لەو ئامێرە مۆسیقایانە کردووە کە بەکارهێنراون وەك, ساز, سەنتور,دەهۆڵ,زورنا , بالآبان,دوزەلە, دەف,........هتد**

**زۆر لە شاعیرە گەورەکان ناوی ئەو مەقام وئامێرانانەیان و گۆرانیبێژو ئامێرژەنیان هێناوە لە شیعرەکانیندا, بۆنموونەمستەفا بەگی کوردی ناوی چەندین گۆرانیبێژ و ژەنیاری هێناوە بەتایبەت ئەوانەی کە لە شاری سلێمانی دا ژیاون کەناوی یەکەمیان دیارە بێ ئەوەی ناوی تری بەدواوە بێت وەك,(مستەفا,یونس,محی دین,سالح,فەتحی,مستۆ)یان ئامێرژەنەکان وەك (ئەلەکە,ئەسعەد,ئاغازەنوون).**

**مێژووی ئەدەبی کوردی خوالێخۆشبووماموٚستا عەلادین سجادی باس لەو مەقام و گۆرانیبێژانە دەکات و دەڵێت (سەیری ئەکەیت (کوردی)شاعیر لە شیعرەکانیدا وێنەیەکیەزیندوی وبەزم وئاهەنگی ئەو رۆژەی سلێمانی و کوردەواری دەگێرێتەوە.**

**مستر(کلۆدیۆس مستر ریچ)کە یەکەم جار پێی ناوەتە شاری سلێمانی لە ١٨٢٠/٥/٨سەبارەت بە گۆرانی و مۆسیقای کوردی دەڵێت(ئەوەی بشێ پێی بلێین پاشاکانی کورد لە گەڵ پیاوە ماقوڵە کانیاندا هەفتەی جارێك یان دوو جار کۆ دەبنەوە بۆ ئەوەی گوێ لە بەزمی گۆرانی و مۆسیقا بگرن مۆسیقاکەیان لەدەهۆڵ و زوڕناو شمشاڵ و تەپڵ و دەف و بلوێرو دووزەلە پێك هاتووە ).سەبارەت بە بەسەربردنی شەوانی شاری سلێمانی دەڵێت,(دوێنێ شەو کۆبووینەوە گوێمان لەو دوو شوانە کوردە گرتبوو کە شمشاڵیان لێئەدا دەنگی شمشاڵەکانیان نزم و خۆش و دڵگیر بووخۆشترین ئاواز کە لەم ئاهەنگەدا گوێم لێبوو گۆرانی (لەیلێ گیان و ئەز دەناڵم )بوو**
**هەروەها دەربارەی هەڵپەڕکێی کوردی لە شاری سلێمانی دەڵێت(بیستم شایی ژن هێنانە بڕیارم دا بچم و یەکێك بم لە بینەرانی ئەو زەماوەندە.کە چووین دیمان حەوشەی خانووەکە بووە بە شانۆی شاییەکە , پیاوان دەستیان گرتبوو لە شێوەی بازنەیەکی دانەخراودا هەڵدەپەڕین ,هەڵپەڕینەکە ناوی(چەپی) بووئەم هەڵپەڕکێیە گۆرانیەکی ئیرلەندی هێنایەوە یادم .بەوەی جارێك بەرز دەبوونە وە و جارێکیش نزم دەبوونەوە.**

**هەروەها سەبارە بە هەڵپەرکێی ئافرەتانیش دەڵێت(دەهۆڵ و زورناکە دەستی پێکرد ونزیکەی ٣٠ ئافرەتدەستیان گرتبوو ,هاتنە ناو حەوشەکە بە رۆیینێکی نەرم ونیان و رێك و پێك, ئەم ئافرەتانە بە جوانی خۆیان رازاندبوەوە و خشڵیان لە خۆیان دابوو و بەرگی رەنگاو رەنگی ئاوریشم یان پۆشیبوو بێ پەچەو رووبەند بوون).**

**بەم شێوە تەنها بەباسکردن باس لە هونەری مۆسیقاو گۆرانی کراوە بەبێئەوەی نوسینێکی هونەریمان بۆ مابێتەوە یان بە نۆتەوە تا بزانین رووی تەکنیکی ئەو باسانە چۆن بوون ئاستین چۆن بووە و چۆن بیریان کردووەتەوە.**

**ناوی زۆر لەو گۆرانیبێژانە تەنها بە ناو هاتوون دەماو دەم وەك:-**

- **حەسەنی ئامێ** ١٨٢١ -١٨٨٥
- **حەمە شێرە** ١٨٤٠ – ١٨٩٤
- **کاکە رەشی ئەحان** ١٨٤٥ – ١٨٩٨
- **عەزیزی ئامینە** ١٨٥٠ – ١٩١٥
- **گوڵ جەمین** ١٨٧٠ – ١٩٢٤
- **رەشە شایەر** ١٨٧٩ – ١٩٢٧
- **ئەحەی ناسر** ١٨٧٦ – ١٩٢٣
- **شێخ نوری شێخ ساڵح** ١٨٩٥ – ١٩٥٨
- **عەبە حەیران** ١٨٩٣ – ١٩٧٢

**وچەندینی تر**

**عەبدول واحید حاجی مستەفا (١٨٨٦ – ١٩٧٣)کە خەلکی شاری کۆیەیە پیانۆ ژەنێکی شارەزا بوو, کە خوێندنی لە ئەستەنبوڵ تەواو کرد ناردیانە سلێمانی و لەوێ تیپێکی مۆسیقای پێك هێنا کە هەموو لە سەر نۆتەی مۆسیقا فێر بوو بوون لەماڵی خواجە ئەفەندی نزیك مزگەوتی گەورەی ئێستا وانەیان خوێندووە و نزیکەی پەنجا قوتابی هەبووە لەوانە خوالێخۆشبوو شاکیر فەتاح وچەند کەسێکی تر کە ناویان دەبەین ئەندام بوون بەڵام دوای هاتنی ئینگلیزەکان بەسەرۆکایەتی (مێجەرکلاین) کە سلێمانیان داگیر کرد ئەم قوتابخانە تێك درا تیپەکەیان تەفروتونا کردو عبدول واحیدی حاجی مستەفاش نەفی کرا بۆ شاری (فاو) ئەم تیپە ساڵی ١٩٢٦- ١٩٢٧ لە شاری سلێمانی چیرۆکێکە تەمسیلیان پێشکەش کرد بەناوی (نیرۆن) و بە پارەی ئەو شانۆگەریە چەند**

ئامێرێکی مۆسیقایان پێ کڕی کە ئامێری هەوایی بوون (وابزانم کاتێك من کە لە چالاکی قوتابخانەکان بووم ساڵی ١٩٦٥ بەملاوەوەك راهێنەری هونەری ئەو ئامێرانەی لەوێ کەوتبوون و من پاکم کردنەوەو هەندێکیانم چاك کرد هەر ئەو ئامێرانە بوون کە مامۆستا شاکیر فەتاح ئاماژەی بۆ کردبوون) ئەندامانی ئەو تیپە کە لەسەر زاری مامۆستا شاکیر فەتاح هاتوون (رەحیم کەریم,رەمزی قەزاز,جەمال مەجید,جەلال مەجید ,فایەق زێوەر .
ساڵی ١٩٢٨زۆر چالاکی ئەنجام ئەدرا لە لایەن[(هەیئەتی تەعلیمیەی مەکتەبی ئەووەلی سلێمانی)یەوە بە(باندی مۆزیقەی)مەکتبەوە بە نەوعی هەوالێدان و تاقمی شەرقی بێژ بە ئەنواعی گۆرانی وەتەنی]
زۆر لەو ئاوازانەی کە دەوترانەوە لە بۆنە نیشتمانی کۆمەڵایەتیەکاندا ئاوازی تورکی بوون بەڵام شاعیرە نیشتمانپەروەرەکان بەکاریان دەهێنابۆ ئەوەی بیکەنە بەرگ بۆ ئەو شیعرانەی کە دەیانویست ناخی نیشتمان پەروەری خەڵکی پێبخرۆشێنن وەك فایەق بێکەس وپیرەمێرد وزێور و عەلی باپیر ئاغا و گۆران وزۆری تر,لەم دواییەدا ئەخۆڵ و ع.ع.شەونم و دیلان و هەردی و کاکەی فەلاح و عەلی عارف ئاغا و چەندینی تر .
دوا ساڵانی ١٩٢٠ بەم لاوە هەندێك لە گۆرانیبێژان روویان کردە بەغدا بۆ تۆمارکردنی گۆرانیەکانیان لە سەر قەوان بەمەش ئەو گۆرانیبێژانە ناو دار بوون لەوانە(مەلا کەریم ١٨٨٥ – ١٩٣٨ ,حەمدی ئەفەندی ١٨٩٤ – ١٩٤٨, دایکی جەمال ١٩٠٨ – ١٩٧٩ و چەندینی تر.
لەشاری سلێمانی دا لەسەرەتاوە خەڵکی پێیان عەیب بووە بچونایەتە ناو تیپی مۆسیقاوە یان هەر ئامێرێکی لێبدایە, زۆر رووناکبیر هەبوون خەڵکیان هان ئەدا بۆ فێربوونی بەڵام لایەنی کۆمەڵایەتی تا رادەیەکی زۆر باڵی کشانبوو بەسەر ئەم لایەنەدا کە عەیب بولایان یان لەبەر قسەی خەڵکی و تاو توانجیان گەرچی حەزیشیان لێبوو بەڵام نزیك نەدەکەوتنەوەلەو بوارەدا تا ماوەیەکی زۆریش.
لە قوتابخانەی ئەوەلی جاران تیپێکی کەشافەیان هەبوو م. عبدولواحیدی بەرپێوە بەر دروستی کردبووکە ئامێرەکانی بریتی بوون لە تەپڵێکی گەورەو دوو تەپڵی بچووك و چەند بوقیەیەك لەو قوتابیانەی کە لەم تیپەدا بوون (فازیل عیرفان و کەمال رەشید و تۆفیقە رەش بوو . هەروەها لە قوتابخانەی فەیسەلیەی جاران کە قوتابخانەی (پێشکەوتنی )ئێستایە زۆر جار هاریکاری دەکران لە قوتابخانەی ئەولەوە ,ئەو

ماموستایانە رۆڵێکی باشیان هەبووە لە بایەخدان بە رووی رۆشنبیری و هونەری ,هەرچەندەبکرایە زۆر گونجاو بووە بۆ ئەو سەردەمە.
هەروەها لە قوتابخانەی ناوەندی سلێمانیش ساڵی ١٩٣٧تیپێکی مۆسیقا دروست کراوە وبەرێزان محەممەد ساڵح عەنبەر و حاکم جەمال وشەوکەت رەشیدی سەعاتچی ئەندام بوون تیایا
بەدوای ئەمەش لە ساڵەکانی ١٩٤٦ کەسانی تر هاتوونەتە دنیای هونەرەوە وەك مەدحەت موبارەك و تەلعەت موبارەکی برای.هەر لەو سەردەمانەدا خەڵکی کە دەچوون بۆ ئەو ئاهەنگانەی ساز دەکران شانۆگەریشی تیادا پێشکەش دەکرا ئەویش بە هۆی ئاهەنگە مۆسیقاکانەوە سەیری ئەو شانۆگەریانەشیان دەکردو ئەو گۆرانیبێژانەی بەشداریان دەکرد وەك(رەشۆل و ساڵح دیلان وقادری حاجی حسین ومەحمودی حەمەی لەیلیٚ و ئیبراهیم حەزین )بوون هەروەها ئەوانەی مۆسیقایان لیٚ ئەدا (بەهجەتی سەعاتچی برای شەوکەتی سەعاتچی بە ئامێری کەمان وئیستیفان ناوێك بە ئامێری عوودوگەرەبێت ناوێك بە ئامێری فلوت.
ناوی هەندێك گۆرانیبێژ لەو سالأنە بەم لاوە دەرکەوتن جگە لەوانەی باسمان کردن بریتیبوون لە(تالیب مەجید ناسراو بە تەلە و دەروێش عەبدولأو کەریم کابان و شەمالٚ سائیب و رەفیق چالاك و عوسمان سابونچی و ئیراهیم محەممەد.
ساڵی ١٩٤٧خولێکی فێر بوونی مۆسیقا لە شاری سلێمانی لەسەر پێشنیاری (حەننا پوتروس)لە بەغداوە بریار درا ,لە هاوینی ئەو ساڵەدا کارەکە ئەنجام دراو زۆر سەرکەوتوو بوو ,ئەو ماموستا هونەرمەندانەی هاتبوون لەبەغداوە بریتیبوون لە ماموستایان(حەننا پوتروس , غانم حەداد , جەمیل بەشبیر , یەعقوب یوسف) و چەندینی تر ,زۆر کەسیش لە رۆشنبیران وهونەرمەندانی شاری سلێمانی بەشداریان لەو خولەدا کرد وەك (قادر دیلان, بەهجەت رەشید,شەمالٚ سائب , رۆبین ئۆفیك , سەرکیس کەیغام , رەزای شێخ گولأنی , ئەحمەد زرنگ ) و زۆری تر کە لەو سەردەمەدا وێنەیەکی ئەو کۆمەڵە گیراوە و کەسایەتیەکان دیارن, ئەم خولە دەرگایەکی کردەوە بۆ هونەرمەندانی شارەکە کە هەموو بە نۆتە فێری مۆسیقا کران و هەمە جۆر ئامێری تیادا وتراوەتەوە وەك(فێربوونی ئامێری کەمان,عود,نای,قانون,کلارنێت وئامێرە ریتمەتیکیەکان )وچەندینی تر. بەشداران سوودێکی زۆریان لیٚ وەرگرتووە ,بۆیە پاش ئەمان چەندین ئاهەنگ ساز کراوە لەوانە ساڵی ١٩٤٨ لە قوتابخانەی غازی ئەو

سەردەمە ئاهەنگێك ساز كراوە و زۆر لەو هونەرمەندانە بە ئامێری وەك كەمان و عود و دەف وئەنوەری عەلەكە گۆرانی تیادا ووتوە.لە ساڵەكانی پەنجاكاندا چالاكی هونەری زۆر پەرەی سەند هونەرمەند قادر دیلان رۆڵێكی بەرچاوی هەبووە لە گەڵ هاوەڵەكانیدا بۆیە توانیان تیپی مۆسیقای مەولەوی دروست كەن و لە ئاهەنگێكدا كە بەبۆنەی لافاوەكەی شاری سلێمانیەوە لە كۆیە ساز كراو بۆ یەكەم جار بەناوی تیپی مۆسیقای مەولەوی یەوە بەرهەمیان پێشكەش كرد ئەگەر چی لەوەو پێش هەبوون بەڵام بە شێوەیەكی رەسمی كاریان نەدوكرد تا لەگەڵ كۆمەڵی هونەرەجوانەكان كە مۆڵەتی رەسمیان وەرگرت ئەمانیش لەگەڵ ئەواندا دەست بەكار بوون لەئامێر ژەنەكانی ئەم تیپە(قادر دیلان,ولیەم یۆحەنا, نەجاتی عەبدە , بەهجەت رەشید سەعاتچی , هادی عەنبەر , حاتەم سەعید , شەوكەت رەشید , سەردار رەمزی, ئومێد مەدحەت موبارەك , نوری بەدەوی ,خاڵە حەمە, قادر كوردی)ئەو گۆرانیبێژانەی هاوكاری ئەم تیپە بوون (شەماڵ سائیب , رەشۆل , حەمە سالّح دیلان , حەمەی بەكر , قادری حاجی حسین , قادر كابان, رەفیق چالاك ,عومەر رەزا ,بەختیارعەبدول رەحمان ,ئیبراهیم محەممەد )...هتد.

ئەم تیپە چالاكیەكانی تا ساڵی ١٩٦٣ بەردەوام بوو منیش لەو ساڵانەی كۆتایی دا بەشداری هەندێك لە چالاكیەكانینم دەكرد بە ئامێری كەمان لە گەڵ ئەو یپەدا و یەكەم ئاهەنگ كە بۆ یەكەم جار لەگەڵیاندا بەشدار بووم ئاهەنگە نەورۆز بوو لە دێی كرژە و بەدزی رژێمەوە ساز كرا هونەرمەند(جەلال عەزیز سروودی پێشمەرگەین بە هەڵمەتینی تیاداووت جگە لە چەندینی تر كە بە كۆرس پێشكەشمانكرد و من ئامێری كەمانم لە گەڵدا لێئەدان .

لەساڵی ١٩٦١ وە لە قوتابخانەی مامۆستایانی ئەو سەردەمە كە من چوومە ئەوێ بۆ خوێندن وانەی مۆسیقا هەبوو كە مامۆستا ولیَم یۆحەننا دەیوتەوە ئەو بووە هۆی ئەوەی كە هاریكاریمان بكات بۆ ئەوەی كۆمەڵێك خوێندكار پێبگات و لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٤ وە دەستمان كرد بەكار كردنی هونەری پێكەوە تا ساڵی ١٩٦٧ بە ووردی ١٩٦٧/٥/٢٣ تیپی مۆسیقای سلێمانیمان دامەزراند.با لێرەدا بوەستین لە ئاستی رۆڵی چالاكی قوتابخانەكان كە رۆڵێكی زۆر گەورەیان بینی لە هاندانی مەكتەبەكان و خوێندكاران بۆ بەشداری لە چالاكی هونەری من لە سەرتای ساڵی ١٩٦٤ وە هاتوو چۆی ئەو مەڵبەندە هونەریە دەكرد و دەمزانی چ رۆڵێك دەبینێ لە فێركردنی گیانی نیشتمان

پەروەری و رۆشنبیری هونەری و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی جگە لە هاندانی توانا هونەریە جوانەکان تا بتوانن خۆیان ببیننەوە.

لەو سەردەمانەدا کە بارو دۆخی سیاسی زۆر دژوار بوو.تیپی سلێمانی رۆڵێکی یەکجار بەرچاوی بینی لەرووی هونەری ورووەکانی ترەوە بە گەڕانەوە بۆ کەلتووری نەتەوەیی و ئاوازی رەسەنی کوردی, زۆر لە گۆرانیبێژ و ئامێر ژەن لەم تیپە کۆ بوونەوە و ناوی لە سەرتاسەری عێراقدا دایەوە .

لە ساڵی ١٩٦٩ لەگەڵ تیپێکی تەمسیلی بە ناوی (تیپی نواندن و مۆسیقای سلێمانی)دەست بەکار بووین بەڵام پاش ماوەی یەك ساڵ کەمتر جیا بووینەوە لە بەر تایبەت مەندێتی جۆری کارەکان ,بەڵام پاش ماوەیەکی ترمۆڵەتی رەسمیان لەساڵی ١٩٧٠ وە پێشکەش کرد بە میری ئەو سەردەمە تالە ١٩٧٣/٥/٢٣ دا مۆڵەتی رەسمی مان بۆ هاتەوە بۆیە واش دواکەوت کەسانێکی ناحەز تێوەردانێکیان هەبوو بەوەی کارەکانمان دواخەن هەرچەندە دەزانم کێن بەڵام جێگای نیە لێرەدا ناویان بهێنم و(گەردنیان ئازادبێت)چونکە ئێستاش لە گۆڕەپانەکەدان.ئەم تیپە وەك ئاشکرایە رۆڵێکی گەورەی بینی لە بەرەو پێشخستنی گۆرانی کوردی .دەستەی دامەزرێنەرانی بریتی بوون لە هونەرمەندان(ئەنوەر قەرەداغی وولیەم یۆحەننا و فەرید عیسی و فەرەیدون دارتاش و محمەد ئەمین حسین)چەندین ئامێرژەن وگۆرانی بێژی بەتوانای لە خۆ گرت. بەدوای ئەم تیپەش تیپی موسیقای کۆمەڵی هونەرەو وێژەی کوردی ساڵی ١٩٦٩ دەرکەوت کە لقێك بوون لە کۆمەڵی هونەرو وێژەی کوردی ئەندامەکانی بریتی بوون لە هونەرمەندان (شەوکەت رەشید,نامدار قەرەداغی,سەلاح رەشید,عەلی رەزا, حەمەسەعید عەبدوڵا, شیرکۆ عادل,هوشیار ئەحمەد,)ساڵی ١٩٧٦ لەبەر هەندێ هۆ گرووپی موسیقا هاتنە دەرەوە و بە ناوی تیپی مۆسیقای مەولەوی یان دروست کرد .هەربە درێژە پێدانی چالاکیی هونەرمەندانی شاری سلێمانی تیپی موسیقای تر درکەوتن لەوانە تیپی زانکۆی سلێمانی کە هونەرمەند ئەنوەر قەرەداغی سەرپەرشتی دەکردن

پاشان لە چالاکی قوتابخانەکانی سلێمانی چەند تیپێکی مناڵان دروست کرا وەك (تیپی مۆسیقای بێخود کە هونەرمەند نامدار قەرەداغی سەرپەرشتی دەکردن,تیپی مۆسیقای نەورۆز کە هونەرمەند عوسمان محەمەد ئەمین سەرپەرشتی دەکردن و تیپی مۆسیقای پیرەمێرد کە هونەرمەند سەلاح رەئوف سەرپەرشتی دەکرد.

دواتر تیپی مۆسیقای کچان کە لە دواناوەنی سلێمانی کچان دروستیان کرد بە شەرپەرشتی هونەرمەند خالید سەرکارو فەرەیدون دارتاش.
جگە لە تیپانەش هەندێك تیپی میللی دەست بەکار بوون هەندێکی تریان لاسایی تیپی جازیان دەکردەوەو هەندێك لەو تیپانەش سەرکەوتوو بوون وەك تیپی مۆسیقای بابان.
لەدوای شەڕی ئێران عێراق زۆر تیپ پوکانەوە لەبەر ئەوەی ئەو شەڕە خەڵکی زۆر سەرقاڵ کرد بە سەربازی راکدوو لە سەربازی و تیپەکانی تریش لەترسی ئەوەی بە زۆرچالاکیان بۆ قادسیەی دۆڕاوپیٚ ئەنجام نەدەن نەختیك کاری خۆیان کز کرد و زۆر بە نهینی کارەکانیان ئەنجام ئەدا بە تایبەت تیپی مۆسیقای سلێمانی کە زۆربەی زۆری کارەکانمان بە تۆمارکردن لە ماڵەکی خۆمدا تەواو دەکرد بە دزیەوە .
لە ساڵانی دوای هەشتاکان کردنەوەی پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی سلێمانی (بەشی مۆسیقا) رۆڵێکی دیاری هەبوو لە چالاکی و پێگەیاندنی نەوەی نویٚ زۆربەی زۆری ئەم هونەرمەندانەی ئەمرۆ دەرچووی ئەم پەیمانگەن ,ساڵانە فێستیڤاڵی خۆی پێشکەش دەکرد لە ئاستێکی جواندا.دامەزرێنەری ئەم بەشە هونەرمەند ئەنوەر قەرەداغی بوو پاشان هونەرمەند سەلاح رەئوف و محەممەد ئەمین حسین وەك مامۆستا وانەیان دەووتەوە وبۆ ماوەیەکیش لەبەر نەبوونی مامۆستا لە هەندیك بواردا کەڵکمان لە هەندیٚ هونەرمەندی تر وەرگرت وەك هونەرمەندان ئەسعەد قەرەداغی و حەسەن گەرمیانی,لە ساڵی ۱۹۸۸ و ۱۹۸۹ لەرووی تیوری و پراکتیکی و ئیداریەوە یەکەم ئاست بوو لە سەر ئاستی پەیمانگاکانی عێراق و بە پلەی نایاب( ئیمتیاز).
دوای ساڵی ۱۹۹۱وەش ئازادیەکی بەرفراوان بۆ هونەرمەندان رەخسا و تیپە هونەریەکان ژیانەوە و ناخی خۆیان زۆر بە راسگۆیی دەردەبڕی وچەندین تیپی هونەری تر هاتنە گۆڕەپانی هونەری وەك تیپی شنرویٚ و تیپی سەهەند و گرووپی گەڕیان و ئۆرکێسترای ژێداری سلێمانی و گرووپی کیژانی سلێمانی ,ئەم تیپانە دەتوانین لە دەرفەتێکی تردا باسیان لێوە بکەین.